چەند سەرەنجێک لەسەر فێدرالیزم

**مەریوان وریا قانیع**

« دەوڵەتە گەورەکان دەبێت لەنێوان یەکێک لەم دووانەدا هەڵبژێرن: یان ستەمگەری یان فێدرالی»
مۆنتیسیکیو
«ترسناکترین شت ئەوەیە کە دەوڵەتە گەورەکان ببنە فێدرالیزم، بەڵام فێدرالیزمی ستەمگەران»
پێتروٚڤ

## ١. سەرەتا

ئەو ڕستەیەی سەرەوەی مۆنتیسیکیو نیشانیەدات ئەم فەیەلسوفە سیاسییە فێدرالیەت لەبەرامبەر ستەمگەریدا ڕادەگرێت، وک دوو سیستەمی سیاسی دژ بەیەک و ناکۆک پێشنیریان دەکات، بۆئەوەی لە کابوسەکانی ستەمگەری ڕزگارمانبێت دەبێت سیستەمی ڕێکخستن و دارشتنی دەوڵەت سیستەمێکی فێدرالیبێت. ئەوەی لەو ڕستە کورتەی مۆنتیسیکیودا شوێنی سەرنجە ئەوەیە کە فێدرالیەت و بەربەریەت وەک دوو دژەدیوو پێشنیارکراون، کەیەکێکیان ئامادەبوو ئەویدیان نائامادەدەبێت، کە فێدرالبووین ناتوانین ستەمگەربین و کە ستەمگەریشبووین ناتوانین فێدرالبین. واتە ئەم دوو سیستەمە دوو دژن کە ناتوانین بەیەکەوە کۆیانکەینەوە. بۆیەکێک کەمەکێک شارەزایی لە درووشمەکانی مارکسیزمدا هەبێت ئەم گووتەیەی مۆنتیسیکیو ئەو ڕستە بەناوبانگەی مارکسی بیردەکەوێتەوە یاد کە دەڵێت مرۆڤایەتی لەبەردەم هەڵبژاردنێکی گرنگ و چارەنووسسازدایە: یان سۆسیالیزم یان بەربەریەت. مارکس لەنێوان سوسیالیزم و بەربەریەتدا ناکۆکییەک دروستدەکات کە بوونی هەریەکێکیان لەسەر نەفی ئەویدیان دروستدەبێت، کە سۆسیالیزممان هەبوو بەربەریەتمان نابێت و کە بەربەریەتیش ئامادەبوو مانای ئەوەیە سۆسیالیزم ئامادە نییە.

وەکچۆن مارکس بیری بۆئەوە نەدەچوو کە دەشێت سۆسیالیزم و بەربەریەت پێکەوە کۆببنەوە، یان سۆسیالیزم خۆی ببێت بە فۆرمێک لە فۆرمە زۆرەکانی بەربەریەت، لانیکەم لە چاپە لینینی و ستالینی و ماوییەکەیدا، ئاواش مۆنتیسیکیوکیو بیری بۆئەوە نەچووە کە بشێت فێدرالیەت و ستەمگەری بەیەکەوە کۆببنەوە، یان فێدرالیەت خۆی جۆرێکی تایبەت لە ستەمگەری بەرهەمبهێنێت.

بەڵام ئەو ڕستەیەی (پێتروٚڤ)، کە لەسەرەوە هێناومانەتەوە، ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکەی مۆنتیسیکیوکیوە نیشانئەدات، پێتروٚڤ لە ئەگەری کۆبوونەوەی کۆمەڵێک ستەمگەر لەناو چوارچێوەیەکی فێدرالیدا، ئاگادارمان دەکاتەوە، باس لەوە دەکات کە ترسناکترین شت ئەوەیە کۆمەڵێک ستەمگەر لە فۆرمی دەوڵەتێکی فێدرالیدا بەیەکەوە کۆببنەوە و فێدرالیزمەکەیان ببێتە «فێدرالیزمی ستەمگەران». واتە فێدرالیەت ببێتە ئەو چوراچێوە سیاسییەی کە تۆرێک لە ستەمگەر لە مەرکەزی دەسەڵاتدا بە تۆرێک لە ستمگەر لە لۆکاڵەکاندا ببەستێتەوە.

لەڕاستیدا ئەو ڕستەیەی پێتروٚڤ باس لە سیستەمی فیدرالی سۆڤێتی دەکات، سیستەمێک ڕاستە لە رووی دەزگاییەوە فێدراله و لەسەر کاغەز یەکێکە لە گەورەترین سیستەمە فێدرالییەکانی جیهان، بەڵام کۆی سیستەمەکە بەرسەریەکەوە بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک سەرۆک دەوڵەت و حیزب و گروهی ستمگەر پێکەوە، کە دوورن لە هەر ڕەوشت و ئاکار و خەیاڵێکی دیموکراسییانە. ئەو پەیوەندییە «فێدرالییەی !!!» مۆسکۆ و چێچێنیا، یالتسن و پوتین و دیدایف بەیەکەوە گرێدەدات ئەم ڕاستییەمان نیشانئەدات.

ئەو دەرەنجامەی دەشێت لەو دوو بۆچوونەوە بەدەستیبێنین ئەوەیە کە فێدرالیەت سیستەمێک نییە بەردەوام بۆنی بەهەشت و ئازادی و دیموکراسیەتی لێبێت. سیستەمێک نییە بەڕەهایی ستەمگەران وەلاوەنێت، ڕێ بە

پێشێلکردنی یاسا و ماف و کەرامەتی ئینسان و گروهەکان نەدات. فێدرالیزم وەکچۆن هەڵگری ئەگەری لەناوبردنی ستەمگەری و بەرقەرارکردنی دیموکراسیەت و پاراستنی کەرامەت و مافی مرۆڤە، ئاواش هەڵگری ئەگەری بەهێزکردنی دەسەڵاتی کۆمەڵێک ستمگەری ناوچەیی و کۆمەڵێک ستەمگەرە لە ناوەندا. فێدرالیزم سیستمێکە هەڵگری ئەو ڕووە دیموکراسی و ئەلتەرناتیڤیانەیە کە مۆنتیسیکیو باسیدەکات، لەهەمانکاتدا هەڵگری ئەو مەترسییە گەورەیەشە کە پێترۆڤ ئاگادارمان دەکاتەوە.

ئەم نووسینە هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆ خوێندنەوەی هەندێک ئاراستە و میکانیزم و مۆدێلی ئەم سیستمە.

## ٢. مانا و بەهاکانی فێدرالیزم

فێدرالیزم سیستمێکی سیاسییە کە تیایدا کۆمەڵێک یەکەی سیاسی سەربەخۆ لە سنوری وڵاتێکدا بەیەکەوە کۆدەبنەوە، قورسایی سەرەکی ئەم سیستمە لەسەر ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە دروستدەبێت کە بەشە جیاوازەکانی دەوڵەتێک و لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا بەیەکەوە گرێدەدات. گرنگترین ئاکاری ئەم سیستمە بریتییە لە دابەشکردنی سەروەریی، واتە سیادە، لەنێوان دەسەڵاتی مەرکەزی و ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەدا کە لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا دروستدەبن. لەباتی ئەوەی یەک دەوڵەتی ناوەندی هەبێت کە خاوەنی هەموو سەروەرییەک بێت، کۆمەڵێک دەوڵەت یان ناوچەی لۆکاڵیش دروستدەبن کە ئەوانیش خاوەنی سەروەرین. لەڕووی دەستورییەوە هیچ یەکێک لە دەوڵەتی مەرکەزی و لە دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان لەویدیکەیان کەمتر نابێت و کەسیان لەژێر ڕەحمەتی ئەویدیاندا ناژی. ئەو دەسەڵاتەش کە هەریەکێکیان دەیانبێت دەسەڵاتێکی دەستوریی دەبێت و هەردووکیان لە خەڵکەوە و لەڕێگای هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆی بێ ساختەکارییەوە وەریدەگرن، نەک لە ڕێگای دیکەوە.

کەوابوو لە سیستمی فێدرالیدا هەم دەسەڵاتی مەرکەزی و هەم دەسەڵاتە ناوچەییەکان دەسەڵاتێکی یاساین، لەڕێی هەڵبژاردنەوە دروستدەبن و دەستور ڕێکیاندەخات. ئەم خاڵەیە وادەکات مۆنتیسکیکوکیو لەو باوەڕەدابێت کە فێدرالیەت ئەلتەرناتیڤی ستەمگەرییێت. لێرەدا دەسەڵاتی فێدرالی بەناو هەموو ئەو میکانیزمانەدا تێدەپەڕێت کە دەسەڵاتێکی دیموکراسی دروست و بەڕێوەدەبات. بەم پێیە دابەشکردنی سەروەری لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و لەنێوان دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێکی لۆکاڵیدا ئەو پرنسیپە سیاسییە سەرەکییەیە کە سیستمی فێدراڵی لە سیستمەکانی دیکە جیادەکاتەوە. دابەشکردنی سەروەریش مانای دابەشکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵاتیش مانای دابەشکردنی ماف و توانای بڕیاردانی سیاسییە. ئەمەی دوایشییان مانای ئەوەیە کە ناوچەی فیدراڵ هەم مافی دەرکردن و هەم هێزی دەرکردنی یاسای تایبەتی دەبێت، نەک چاوەڕوانبێت لە ناوەندەوە یاساکانی بۆدەرچێت، یان ناوەند بەزۆر یاسای بەسەردا بسەپێنێت، یان بەبێ ڕەزامەندی ناوەند نەتوانێت هیچ یاسایەک دەربکات. لەم سیستمەدا هیرارکیەت بوونی نییە، واتە نە ناوەند لە لۆکاڵ گرنگتر و دەسەڵاتدارترە نە لۆکاڵیش لەناوەند گرنگتر و دەسەڵاتدار. هەردووکیان دوو فۆرمی تایبەتی دەسەڵاتی دەستوری و یاسایی یەکسانن.

بەپێی پرنسیپی دابەشکردنی سەروەری چیدی ناوچەکەنی دەرەوەی ناوەند، ئەو ناوچانەی کە دەبنە ناوچەی فێدراڵی، درێژکراوەیەکی ئیداری و بیرۆکراسی ناوەند نابن، بەڵکو دەبنە ناوچەی سەربەخۆ و خاوەن کەسایەتی یاسایی و دەستووری تایبەت، بەشێوەیەک دەتوانن هەندێک بڕیار بە تەنها و هەندێکی تریان بە پێکەوەیی لەگەڵ ناوەندا و هەندێکی دیکەیان دوای پرس و ڕا لەگەڵ ناوەندا دەربکەن. لەهەندێک دۆخی تایبەتیشدا گوێڕایەڵدەبن بۆ هەندێک بڕیار و سیاسەتی تایبەت کە لەناوەندەوە دێن.

بێگومان ناوەند لە دۆخی فێدرالبوونێکی دەستوری و دیموکراسدا ئەو ناوەندە نییە کە لەدۆخی نەبوونی فێدرالیزمدا ئامادەیە، لە ناوەندی فێدراڵدا چەندان دەزگا و ڕێکخراو و سێنتەری یاسایی و سیاسی دروستدەبن کە لە هەموویاندا ناوچەکانی دەرەوەی ناوەند نوێنەرایەتی و دەنگیان دەبێت. ناوەندی ناو فێدرالیزم ناوەندێکە بە دەیان کەناڵی جیاجیا بە دەرەوەی ناوەندەوە گرێدراون و لەزۆربەی ئەم کەناڵانەشدا دەنگی دەرەوەی ناوەند بە ئاشکرایی ئامادەیە. لەڕاستیدا بڕ و ڕادەی سەربەخۆبوونی ناوچەکان و برو ڕادەی دەسەڵاتی ناوەند لە ئەزموونێکی فێدرالییەوە بۆ ئەزمونێکی فێدرالی دەگۆڕێت، دیارە لەسەر بنەمای ئەو بڕیار و

ڕێكەوتنانەی كە لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی پەیوەندییە فیدرالییەكان دەدرێن. بۆ نموونە لە ئەمریكادا ناوچەكان سەربەخۆتر و دەسەڵاتدارتر و ئەوتۆنۆمترن تا لە ئەڵمانیادا، دەسەڵاتی بەرلین لە ناوچە جیاوازەكانی ئەڵمانیادا زیاترە لە دەسەڵاتی واشنتۆن لە ویلایەتە ئەمریكییەكاندا.

ئەم خاڵە بەرە و دەستنیشانكردنی یەكێك لە كاراكتەرە گرنگەكانی دیكەی سیستمی فێدرالیمان دەبات كە بریتییە لە پاراستنی سنوورە ڕەسمییەكانی ئەو دەوڵەتەی كە بووە بە دەوڵەتێكی فێدراڵ، سیستمی فێدرالی سیستمی ڕێگرتنە لە لەبەریەكهەڵوەشاندنەوە و پارچەپارچەبوونی ئەو دەوڵەتەی لەئارادایە، هەندێكجاریش دابەشكردنی دەسەڵات بەسەر ناوچە جیاوازەكاندا بە مەبەستی ڕێگرتنە لە هەڵوەشاندنەوە و پارچەپارچەبوون. بەشكردنی سیادە و بەشكردنی دەسەڵات و بەشكردنی توانای بڕیاردان لە هەمان چوارچێوەی ئەو دەوڵەتدا ڕوودەدەن كە دەبێتە دەوڵەتێكی فیدراڵ، نەك ئەم دابەشكردنانە ببنە هۆی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتە. بە مانایەكی دیكە فێدرالیزم بریتییە لەبەشكردنی سیادە و دەسەڵات وتوانای دەركردنی بڕیار لە سنووری دەوڵەتێكی سەربەخۆ و یەككگرتوودا. بەڵام ئەم خاڵە گرنگەی سیستمی فیدرالی ڕێگر نییە لەوەی كە لە هەندێك دۆخی تایبەتدا لەدستوری ناوچە لۆكاڵییەكاندا مافی دیاریكردنی چارەنووس جێگیربكرێت.

## ٣. فێدرالیزم لە جیهاندا

فێدرالیزم سیستمێكی تازە نییە، ژمارەیەكی زۆر دەوڵەت هەن كە زیاد لە چەند سەدەیەكە ئەم سیستمەیان پیادەكردوە، نووسەرێكی سیاسی وەك ئیلەزار D.J. Elazar لە كتێبی (exploring fedralism) كە لە ساڵی ١٩٨٧دا بڵاوبۆتەوە ناوی ٢٢ دەوڵەتی گەورە و بچووكی جیهان دەهێنێت كە سیستمی فێدرالیزمیان پیادەكردوە. ئەم نووسەرە باس لە «شۆڕشی فێدرالیستی» دەكات و پێیوایە ئەم شۆڕشە ڕوخساری جیهانی ئەمڕۆكەی بەتەوای گۆڕیوە، لەو ٢٢ دەوڵەتەدا دوو ملیارد ئینسان دەژین كە بەسەریەكەوە ٤٠٪ ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی پێكدەهێنن. كەواتە نزیكەی نیوەی دانیشتوانی سەر ئەم ئەستێرە لە ڕووی سیاسی و ئیدارییەوە لە سیستمی فێدرالیدا دەژین. ئەم سیستمەش بەسەر كیشوەرە جیاجیاكانی جیهاندا بڵاوبۆتەوە. لە كیشوەری ئەمریكادا، كەنەدا و بەرازیل و ئەمریكا خۆی دەوڵەتی فیدرالین. لە ئەوروپادا ئەڵمانیا و بەلجیكا و سویسرا و ئیتالیا و ئیسپانیا فیدراڵن، لە ئاسیادا هیند فێدراڵە و لە ئوستralیاشدا دەوڵەتی ئوسترالی خۆی دەوڵەتێكی فیدرالییە. دەوڵەتی ئەمریكا لە ٥٠ دەوڵەتی ناوچەیی دروستبووە، دەوڵەتی سویسری لە ٢٦ كانتۆن، دەوڵەتی هیندی لە ٢٥ دەوڵەتی ناوچەیی، ئوسترالیاش لە ٦ و ئەڵمانایا لە ١٢.

ئەم دەوڵەتانەش بەسەر كولتوور و دین و مۆدێلی ئابوری و ڕووبەری جوگرافی جیاوازدا دابەشبوون، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت كە فێدرالیزم وەك سیستمێكی سیاسی وابەستەی ڕێكەوتن و بڕیاری سیاسی ئەو میللەت و هێز و لایەنان كە بەیەكەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا دەژین، نەك دەرەنجامی ئامادەگی كولتوورێكی ئەتنی یان دین، یان شوێنێكی جوگرافی دیاریكراوبێت. واتە فێدرالیەت پەیوەندی نییە بە مەسیحیەت و ئیسلام و ئەورووپیبوون و ئەمریكیبوون و ئاسیاییبوونەوە، بەڵكو پەیوەندی هەیە بە كۆمەڵێك بڕیاری سیاسییەوە كە لە وڵاتێكی دیاریكراودا چۆنیەتی ڕێكخستنی نەخشەی سیاسی ئەو وڵاتە دەستنیشانكات.

## ٤. هۆكار و شێوازەكانی دروستبوونی سیستمی فێدرالی

بێگومان بۆ دورستكردنی سیستمی فیدرالی دەشێت كۆمەڵێك هۆكاری پۆزەتیڤ بدۆزینەوە، دەكرێت بڵێین سیستمی فێدرالی ئەو سیستمەیە كە سیاسەت لە خەڵك نزیكدەكاتەوە، بیرۆكراسییەت كەمدەكاتەوە، ڕادەی بەشداری سیاسی زیاددەكات، چالاكی و كارەكان خێراتر ڕادەپەڕێنێت هتد... بەڵام من پێموایە سەرەكیترین پاڵنەرێك بۆ هەڵبژاردنی فۆرمی فێدرالییانەی پەیوەندی میللەتێك بە ناوەندی دەسەڵاتەوە، ترس و گومان و دوودڵییە. بە مانایەكی دیكە دەشێت لە كاتی بریكردنەوەدا لە سیستمی فیدرالی خەیاڵگەی خەڵكدا هەندێك وێنەی پۆزەتیڤ هەبن، بەڵام گرنگترلەو وێنە پۆزەتیڤانە ئەو وێنە نێگەتیڤانەیە كە زۆرجار لە پشتی داواكردنی فێدرالیزمەوەیە. ترس لە كۆبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەكان لە بازنەیەكی مەركەزیدا بچووكدا، گومان

و دوودڵیی بەرامبەر بە مەبەست وسیت و پلانەکانی ناوەند، ترس لە خراپ بەکارهێنانی ناوەند بۆ کۆی ئەو توانایانەی لەبردەستیدایە، وادەکەن خەڵک بیر لە فێدرالیزم بکەنەوە. لەپشتی زۆربەی ئەزموونە فێدرالییەکانی جیهانەوە ئەم شتانە ئامادەن. ترس لە دروستبوونی مەرکەزێکی زیاد لە پێویست بەهێز کە لەتوانایدابێت ناوچە جیاوازەکان و گروهەجیاوازەکان بەتەواوی ڕکێف بکات و مەودایەک بۆ سەربەخۆبوون و خودکارییان نەهێڵێتەوە وایکردوە ئەو گروهـ و ناوچانە بیر لە فێدرالیزم بکەنەوە. لەم دۆخەدا هێزە ناوچەییەکان داوای دابەشکردنی سیادە و دەسەڵات و توانای بڕیاردان دەکەن و دەخوازن لەهەناوی دەوڵەتێکی مەرکەزیدا کۆمەڵێک ناوچەی ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ دروستبکەن. ئەزموونی بەلچیکا و ئەڵمانیا بەرجەستەکەری ئەم فۆرمە تایبەتەی دەوڵەتی فێدرالین کە ترس لە کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی ناوەندێکی بەهێزدا دروستیکردوون. بۆیە ناوەندید هسەڵات لەم دوو وڵاتە بەسەر کۆمەڵێک ناوچە و دەوڵەتی لۆکاڵیدا دابەشبوون.

بەڵام دەشێت ترس بەشێوەیەکی دیکەش بەشداربێت لە دروستبوونی سیستمی فێدرالیدا. لەباتی ئەوەی ترس هۆکاری دابەشکردنی دەسەڵات و سیادە و توانای بڕیاردانبێت، دەشێت هۆکاری کۆبوونەوەیان بێت پێکەوە لەناوەندێکی فێدرالیدا. دەشێت ترس کۆمەڵێک هێز و دەوڵەت و ناوچەی بچووک بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدرالی کۆبکاتەوە کە بتوانێت هێزەکانیان یەکبخات و قورساییەکی تایبەتیان پێببەخشێت و دەسەڵاتییان گەورەتربکات. بە مانایەکی دیکە دەشێت کۆمەڵێک دەوڵەتۆچکەی لاواز لە ڕووی ئابووری و سەربازی و سیاسییەوە یەکبگرن و دەوڵەتێکی فێدرالی بەهێز دروستبکەن. یەکگرتنی ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمریکا نموونەی ئەم شێوە تایبەتەی یەکگرتنە. لە سەدەی هەژدەهەمدا ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمریکا لە دەوڵەتێکی فیدراڵدا یەکیانگرت چونکە هیچ یەکێکیان بە تەنها نەیندەتوانی لەبەرامبەر هێرشە دەرەکییەکاندا بەرگری لەخۆی بکات. هەروەها بەشێک لە مۆتیڤەکانی ماناوەی دەوڵەتی کەندی وەک دەوڵەتێکی فێدراڵ و دابەشنەبوونی بۆ چەند دەوڵەتێک وابەستەی ترسە لە ئەمریکا. ترس لە فشارە سیاسی و ئابووریی و کولتوورییە گەورەکانی ئەمریکایە وایکردوە کەندییەکان تا ئێستاش بڕیاری پێکەوەبوونیان دابێت و نەیانەوێت وڵاتەکە دابەشبکەن.

بێگومان پێویست ناکات دکتۆرامان لە زانستی سیاسیدا هەبێت بۆئەوەی لەو ڕاستییە سادەیە تێبەگین ئەوەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردی لە عێراقدا بەرەو داواکردنی فێدرالیزم بردووە ترسە. ترسی میللەتێک کە بەهێزبوونی دەوڵەتی مەرکەزی لە فۆرمی هێرش و پەلاماری سەربازی تۆقێنەر و بەردەوامدا تاقیکردۆتەوە، تا بە جینۆساید و ژەهربارانکردنی بەشێکی گەورەی خەڵک و ناوچەکانی کوردستان دەگات. لەدوای ئەنفالەوە ترسی کورد لە دەوڵەتی مەرکەزی ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆژی گرتۆتەخۆی، ترسێک کە فێدرالیزم لەفۆرمی بەشکردنی دەسەڵات و بەشکردنی توانای بڕیاردان و بەشکردنی سیادەدا ناتوانێت بەتەواوی بیڕەوێنێتەوە، بەڵام ناشهێڵێت وەک هێزێکی سیاکۆلۆژی و سیاسی و کولتووری وێنەکانی ئینسانی کورد بۆ خۆی و دراوسێکانی و جیهان بە ڕادەیەک ناشیرینکات، کە نەتوانێت بیر لە ئایندەیەکی هێمن بکاتەوە. ترسی کورد لە عێراقدا لە ناوەند بەڕادەیەک گەیشتووە کە هیچ زەمینەیەکی بۆ باوەڕکردن بە ناوەندێکی دابەشنەکراو و کۆنترۆڵنەکراو و چاودێرینەکراو نەهێشتۆتەوە. داواکردنی فێدرالیەت بۆ عێراق وەڵامێکی سیاسی و سایکۆلۆژی و ئەمنییە بە هەلومەرجێک کە تێیدا کورد لە قۆناغی جیاوازدا لەبەردەم هەڕەشەی لەناوبردنی یەکجارەکی و سەرتاسەریدا بووە.

## ٥. مۆدێلەکانی فێدرالیزم

لە ڕووی پراکتیکییەوە دوو مۆدێل هەیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی فێدراڵی:

ا ـ مۆدێلی دروستبوونی فێدرالیزم لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

ئەم مۆدێلە بریتییە لە مۆدێلی یەکگرتنی کۆمەڵێک دەوڵەت و یەکەی سیاسی لۆکاڵی لە دەوڵەتێکی فێدراڵی مەرکەزیدا، وەک یەکگرتنی ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمریکا کە لەساڵی ١٧٧٦ دا لە کۆی یەکگرتنی ١٣ ویلایەتی

جیاواز و سەربەخۆ دروستدەبێت، یان وەک دروستبوونی سویسرا کە لە ساڵی ١٨٤٨ دا وەک دەرەنجامی کۆبوونەوەی ٢٢ کانتۆن لەگەڵ یەکدا دروستدەبێت. ئەم مۆدێلە بۆ خۆدەربازکردنە لە لاوازی هەر یەکەیەک لەو یەکانە بە تەنها لەڕێگای دروستکردنی یەکەیەکی سیاسی و ئابووری و کولتووری گەورەوە.

ب ـ مۆدێلی دروستبوونی فیدرالیزم لە سەرەوە بۆ خوارەوە:

لەم مۆدێلەدا دەوڵەتێکی مەرکەزی خاوەن سیادە و دەسەڵات بڕیاری ئەوە ئەدات دەسەڵات و سەروەری خۆی بەسەر کۆمەڵێک دەسەڵاتی ناوچەیی نوێدا دابەشبکات و لە دەوڵەتێکی یەکگرتووی یەک مەرکەزەوە ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی. نموونەی ئەمجۆرە فیدرالیزمە لە بەلچیکا و فەنزوێلا و مەکسیک و هیند و بەرازیل و ئوسترالیا و ئیسپانیادا دەدۆزینەوە.

دروستبوونی فیدرالیزم لەم مۆدێلەدا ڕێک پێچەوانەی دروستبوونی فیدرالیزمە لە مۆدێلی یەکەمدا. لەیەکەمدا کۆمەڵێک دەوڵەت و ناوچەی بچووک و لاواز یەکدەگرن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی فیدراڵ و بەهێز، لە دووهەمدا دووهەمیان دەوڵەتێکی سێنترالی گەورە و بەهێزەوە بەسەر کۆمەڵێک دەوڵەت و ناوچەی لۆکاڵیدا دابەشدەبێت. یەکەمیان ترس لە لاوازی لۆکاڵەکان دروستیدەکات، دووهەمیان ترس لە بەهێزی ناوەند. یەکەمیان لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، دووهەمیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

بەشێکی گرنگی ئەزموونە فیدرالییەکانی ناو ئەوروپای ئەمڕۆکە سەر بە مۆدێلی دووهەمن و پەیوەندییان بە تێکشکانی ئەو دەوڵەتە مەرکەزییە بەهێزانەوە هەیە کە زۆرجار دیکتاتۆرێک بەڕێوەیبردوون و بەشێوەیەکی خراپ دەسەڵاتی ناوەندی بەکارهێناوە، وەک ئەڵمانیای دوای هیتلەر، ئیتالیای دوای مۆسۆلینی، ئیسپانیای دوای فرانکۆ. ئەگەر عێراقیش ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی دەبێتە دەوڵەتێک سەر بەم مۆدێلە تایبەتەی فیدرالیزم.

ئەزموونی بە فیدرالیکردنی دەوڵەتی ئەڵمانی لە زۆر ڕووەوە ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشە چونکە بڕیاری بە فیدراڵبوونی ئەم دەوڵەتە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکە خۆیانەوە نەدرا، بەڵکو ئەم بڕیارە هێزە براوەکانی جەنگی جیهانی دووهەم دایان و ئەوان ئەڵمانیایان لە دەوڵەتێکی مەرکەزی نازییانەوە کردە دەوڵەتێکی فیدرالی. ئەمریکییەکان لەدوای جەنگ پلانی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بونیاد و سیستەمی سیاسی ئەڵمانیایان لەسەر مۆدێلی سیاسی ئەمریکی داڕشت. کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی وەک دەرەنجامی پیادەکردنی ئەم پلانە لەدایکبوو. بەباوەڕی ئەمریکییەکان یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی بەهێزبوونی نازیزم و بەهێزبوونی هیتلەر لە بونیادی دەوڵەتی ئەڵمانی خۆیدا بوو. ئەم بونیادە بەشێوەیەک مەرکەزی بوو کە هەموو بەشەکانی وڵاتەکە لەلایەن ناوەندەوە بەشێوەیەکی پڕوکێنەر کۆنترۆڵ و دیسپلین کرابوو. لە دیدی ئەمریکییەکاندا هێزی هیتلەر و هێزی نازیزم لەم توانا بەرفراوانەی کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنی ناوچەکانی ئەڵمانیادا بوو.

بێگومان لە پشتی ئەم دوو مۆدێلە گەورەیەی دروستبوونی سیستەمی فیدرالییەوە کۆمەڵێک میکانیزمی دیکەیە هەن کە بە هەر یەکێک لە مۆدێلە جیاوازەکانی فیدرالیزم کاراکتەری تایبەت دەبەخشن. ڕاستە دروستبوونی دەوڵەتی فیدرالی بە یەکێک لەو دوو شێوەیەی سەرەوە ڕوویداوە، بەڵام ئەو دووشێوەیە لەسەر بنەما و ڕەگەز و پێدراوی جیاجیا دروستبوون. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا سێ فۆرمی فیدرالیزم لەیەکدی جیادەکرێنەوە:

ا: مۆدێلی فیدرالیزمی ئەتنی

لەم مۆدێلەدا دەوڵەتی مەرکەزی سەروەری و دەسەڵات و توانای بڕیاردان لەسەر بنەمای جیاوازی ئەتنی و جیاوازی زمان و جیاوازی کولتوور، دابەشدەکات. بەلجیکا باشترین نموونەی ئەم مۆدێلە تایبەتەی فیدرالیزمی ئەتنی و کولتوورییە کە زمان بنەماکەیەتی. دەوڵەتی بەلچیکی دەوڵەتێکە کە لەنێوان دوو گروهی کولتووریدا دابەشبووە: گروهی یەکەمیان ئەوانە کە بە هۆڵەندی ئەدوێن، دووهەمیشیان ئەوانەن کە زمانی قسەکردنیان فەرەنسییە. لەڕووی ئیدارییشەوە بەلجیکا بەسەر سێ ناوچەی جیاواز و ئۆتۆنۆمدا دابەشکبووەوە. یەکەمیان ناوچەی والۆنیایە کە بە فەرنسی ئەدوێن، دووهەمیان ناوچەی فلاندرە کە بە هۆڵەندی ئەدوێن و سێهەمیان ناوچەی برۆکسلە کە بە هەردوو زمانەکە ئەدوێن. شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی بەرپرسیارییەت لەم ئەزموونەدا زۆر ئاڵۆزە کە باسکردنی پێویستی بە نووسینی تایبەت هەیە.

ب: مۆدێلی فیدرالیزمی کانتۆنی
لەم مۆدێلەدا کانتۆنەکان یەکەی سەرەکی فیدرالیزم پێکدەهێنن، دەسەڵاتی مەرکەزی بەسەر ژمارەیەکی گەورە لە کانتۆندا دابەشدەبێت، سویسرا نموونەی ئەم مۆدێلەیە. بۆ نزیککردنەوەی ئەم مۆدێلە لە خوێنەری کورد، دەکرێت بڵێین گەر فیدرالیزم لە عێراقدا لەسەر بنەمای کانتۆنی دروستببێت ئەوکات دەسەڵات لەم وڵاتەدا بەسەر موحافەزە جیاوازەکانی عێراقدا دابەشدەبێت و هەریەکێکیان دەبێتە.ناوچە یان دەوڵەتۆچکەیەکی لۆکاڵی سەربەخۆی بچووک، کە هەموویان لە بەغدادا دەوڵەتێکی مەرکەزی دروستدەکەن.

وەک ووتمان سویسرا نموونەی ئەم فۆرمە تایبەتەی فیدرالیزمە، لەم وڵاتەدا چوار زمانی ڕەسمی و دوو ئاینی جیاواز هەن. ٧٠٪ خەڵک بە ئەڵمانی قسەدەکەن، ٢٠٪ بە فەرەنسی، ١٠٪ بە ئیتالی و ١٪ بە رۆمانش. وڵاتەکە بەسەر ٢٦ کانتۆنی سەربەخۆدا دابەشبووە. بنەمای فیدرالیەتی سویسرای دابەشکردنی دەسەڵاتە بەسەر کانتۆنەکاندا نەک بەسەر زمان یان کولتوور یان ئەتنیەتە جیاوازەکاندا. دەکرێت لە کانتۆنێکدا زیاد لە زمانێک بەکاربهێنرێت یان زیاد لە زمانێکی ڕەسمی هەبێت. ئەوەی خەڵکی لە کانتۆنەکاندا یەکخستوە نیشتەجێبوونیانە لەو کانتۆنەدا وەک هاوڵاتی یەکسان نەک زمانیان.

ج : مۆدێلی فیدرالیزمی ناوچەیی، یان ئیداری
ئەم مۆدێلە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەری بەسەر ناوچە، یان ویلایەت، یان موقاتەعاتی، جیاوازدا دروستدەبێت. دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدرالی دابەشدەبێت بەسەر ویلایەت یان ناوچە جیاوازەکاندا. سیستەمی فیدرالی ئەمریکی، کە لە کۆبوونەوەی ٥٠ ویلایەت دروستبووە و پەنجا حکومەت و پەنجا پەرلەمانی لۆکاڵی دەگرێتەخۆی، نموونەی ئەم شێوە تایبەتەی فیدرالیەتە. بێگومان لەپاڵ ئەو پەرلەمان و حکومەتە لۆکاڵیانەدا پەرلەمان و دەوڵەتێکی ناوەندیش لە ئەمریکادا هەیە کە لە واشنتۆن نیشتەجێیە. لەم فۆرمەی فیدرالیزمدا ئەو ڕەگەزەی کە گرنگە خودی ویلایەتەکە خۆیەتی، نەک ئەو زمان و کولتوور و گروهە ئەتنی و دینییانەی لەو ویلایەتانەدا دەژین.

## ٦. دەزگا گرنگەکانی سیستمی فیدرالی

زەحمەتە بتوانین کۆی ئەو دەزگا گرنگانە دەستنیشان بکەین کە سیستەمە فیدرالییە جیاوازەکان هەیانە. هەر سیستەم و هەر سیاقێکی سیاسی و کولتووری و ناوچەیی دەزگا و دامەزراوی تایبەتی بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و پاراستنی فیدرالیزم هەیە. ئەو دەزگایانەی لە بەلجیکا هەن هەمان ئەو دەزگایانە نین کە لە سویسرا هەن، پێکهاتی دەزگایی فیدرالیزم لە ئیسپانیا جیاوازە لەوەی لە کەنەدا هەیە. بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییانە دەشێت لێرەدا کۆمەڵێک دەزگا دەستنیشانکەین کە بونیاد و هەیکەلی سیستەمی فیدرالی پێکدێنن و جیایدەکەنەوە لە سیستەمەکانی دیکە.

ا ـ هەموو سیستەمێکی فیدرالی پێویستی بە دەستورێکی دیموکراسی فیدرالی هەیە. بوونی ئەم دەستورە کە دەستنیشانی سەروەری و دەسەڵات و پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی فیدرالی دەکات، مەرجێکی هێجگار گرنگی دروستبوونی ئەم سیستەمەیە. دەستووری فیدراڵییانە دەستورێکە دوو ئاستی حوکمکردن لێکدیجیادەکاتەوە و بەهەریەکێکیان وەزیفە و بەرپرسیارێتی تایبەت دەبەخشێت، مەبەست لەو دوو ئاستەش ئاستی حوکمکردن لە ناوەندا و ئاستی حوکمکردن لە لۆکاڵ و ناوچەکاندا. لەم دەستورەدا هەم چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و هەم فۆرم و چۆنیەتی سەربەخۆبوون بەوردی دەستنیشاندەکرێت، هەم چۆنیەتی هاریکاری و کاری پێکەوەیی ناو بەشە جیاوازەکانی دەوڵەتی فیدراڵ. ئەم دوو مەسەلەیش بەسەریەکەوە چوارچێوەیەکی گشتی دروستدەکەن کە تیایدا هەم دەسەڵاتی مەرکەزی و هەم دەسەڵاتی لۆکاڵی شەرعیەتی ئەوەیان هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆیەکدی هەندێک بڕیاری تایبەت دەربکەن. بێگومان دەستوری فیدرالی

دەستوریکی دیموکراسییە و دەسەڵاتەکان لێکدی جیادەکاتەوە و یاسا سەروەر دەکات و بەهەمووان هەمان ماف و هەمان بەرپرسیاریەت دەبەخشێت.

ب ـ هەموو سیستەمێکی فیدرالی پێویستی بە «پەرلەمانێکی دوو ژووری» هەیە کە لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە لە ناوەندا دروستدەکرێن. ژووری یەکەمی ئەم پەرلەمانە نوێنەرایەتی خەڵکی وڵاتەکە دەکات، لەکاتێکدا ژوورەکەی دیکەیان نوێنەرایەتی دەوڵەت و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانی ناو وڵاتەکە دەکات. یەکەمیان ئیرادەی سیاسی خەڵکی وڵاتەکە وەک گشتێک نیشانئەدات، ئەویدیان ویستی ناوچە و لۆکاڵە جیاوازەکان بەرجەستە دەکات. یەکەمیان قازانجی وڵاتەکە وەک گشتێک، وەک یەکەیەکی یەکگرتو دەپارێزێت، دووهەیمان داکۆکی لە سودوقازانجە تایبەتەکانی هەریەکێک لە ناوچەکانی دەرەوەی ناوەند دەکات. یەکەمیان یاسا دەردەکات دووهەمیان کۆنترۆڵی ئەو یاسایانەیە دەکات.

ج ـ هەموو سیستمێکی فیدرالی پێویستی بە کۆمەڵێک پەرلەمان و کابینەی ناوچەیی و لۆکاڵی هەیە. لەم دۆخەدا هەرناوچەیەک لە ناوچەکانی ناو سیستەمی فیدرال پەرلەمان و کابینەی تایبەتی خۆیان دەبێت کە ئەمانیش لەڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێردرێن و توانای دەرکردنی یاسا و بڕیاردانی تایبەتیان دەبێت. لەم ئاستەشدا دەبێت دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیابکرێنەوە و دەزگاکانی دەوڵەتە ناوچەییەکان دەزگای دیموکراسی و شەفاف بن.

د ـ هەموو سیستەمێکی فیدرالی پێویستی بە دادگایەکی دەستوری فیدرالی بەهێز هەیە کە کاری داوەریکردنبێت لەو کێشانەدا کە لەنێوان دەوڵەتی مەرکەزی و دەوڵەت و ناوچە لۆکاڵییەکاندا دروستدەبێت. ئەم دادگایە لە کۆمەڵێک داوەری سەربەخۆ دروستدەبن و توانای بڕیاردانی سەربەخۆیان دەبێت و بڕیارەکانیان هەم لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە قبوڵدەکرێت و هەم لەلایەن دەوڵەتی ناوچەکانەوە. لە دەرکردنی بڕیارەکانیدا ئەم دادگایە لە ئاگادارییەکی تەواوی ویست و ئارەزوو و ماف و بەرپرسیارییە دەستورییەکانی هەر یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکانەوە دەستپێدەکات و داوەرییەکانی لەو چوارچێوەیەدا ئەنجامئەدات، بەبێ ئەوەی لەهیچ یەکێک لەو لایەنانە بترسێ و هیچ لایەنێک فشار و زۆری بخەنە سەر. لە ڕاستیدا نەک تەنها سیستەمی فیدرالی، بەڵکو هیچ سیستەمێکی پەرلەمانی دیموکراسی بەبێ بوونی سیتەمێکی داوەری پێشکەوتوو و خاوەن دەسەڵات و سەربەخۆ ناتوانێت دروستببێت و بژی. لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنیان لە ئاستی نیشتیمانیدا پێویستی بە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنیان لە هەموو ئاستەکانی دیکەدا هەیە.

ر ـ بوونی کۆمەڵێک میکانزم و دەزگای تایبەت کە پێکەوەکارکردنی دەوڵەتە ناوچەییەکان، لەو کایانەدا کە پێویستیان بەکار و بڕیاری پێکەوەیی هەیە، لەگەڵ یەک و لەگەڵ ناوەندا ڕێکبخات.

ز- بوونی کۆمەڵێک حیزبی سیاسی کە باوەڕی تەواویان بە دیموکراسیەت و دەستگۆڕکێی دەسەڵاتبێت.

## ٧. کولتووری فیدرالی

بۆ بەرقەراربوونی ئەزموونی فیدراڵی تەنها بوون و ئامادەگی کۆمەڵێک دەزگا بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە کولتوورێکی فیدرالییانەش هەیە کە لە دەرەوە و ناوەوەی ئەو دەزگایانەدا و لە خەیاڵ و ووشیاری و عەقڵیەتی سیاسی هاوڵاتیان و گەمەکەرە سیاسییەکاندا ئامادەبێت. فیدرالیزم فۆرمێکی گەشەکردووی دیموکراسیەتە، بۆیە لەپاڵ ئەو دەزگایانەدا کە کارکردنی سیستەمی دیموکراسیەت مەیسەردەکەن پێویستی بە کولتوورێکی سیاسی دیموکراسی و نوخبەیەکی سیاسی دیموکراس و کۆمەڵێک هاوڵاتی هەیە کە باوەڕیان بە دیموکراسیەت هەبێت. کولتووری فیدرالی کولتووری دیموکراسییە بە گەشەکردوویی. لەم کولتوورەدا ڕێزگرتنی حوکمی یاسا و ڕێزگرتنی دەستور هێجگار گرنگن، لە ڕاستیدا ئەم ڕێزگرتنە بڕبڕەپشتی سیستەمی فیدرالییە. دەکرێت دەستور و دەزگای فیدرالیانە هەبێت، کە ڕێزیان نەگیرا و بڕیارەکانیان جێبەجێنەکرا، یان هەر لە بنەڕەتەوە نەهێڵدرا بڕیاردەرکەن و زیاتر ڕۆڵی دیکۆرێکی سیاسیان پێبەخشرا، ئەوکات نەک فیدرالیەت ناتوانێت کاربکات، بەڵکو خودی سیستمەکە خۆشی دەبێتە سیستمی ستەمگەرە جۆربەجۆرەکان.

پەیوەندی نێوان فێدرالیزم و دیموکراسیەت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، ئەگەر فێدرالیزم بە جەوهەر دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی دەسەلات و دابەشکردنی بەرپرسیاریەت و فراوانکردنی توانای بڕیاردانبێت، ئاشکرایە

پیادەکردنی ئەم ئەرکانە بەبێ ئامادەگی کولتوورێکی دیموکراسی مەحاڵە، ئەمەیە وا لەهەندێک تیوریست بکات کە بڵێن فێدرالیزم «قوتابخانەی دیموکراسییە».
وەک پێشتریش هێمانا پێکرد مەسەلەی سەرەکی لە فێدرالیزمدا مەسەلەی دابەشکردنی سەروەرییە، وەک هەر پرۆسەیەکی تری دابەشکردن، جگە لە دروستکردنی دەزگای گرنگ کە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ئەم دابەشکردنە بەڕێوە ببات، کولتوورێکی تایبەتیش پێویستە کە ڕێزی ئیرادەی دابەشکەرەکان و بڕیارەکانیان بگرێت، ئەمەش لە ئەزموونی فیدرالیدا یەکسانە بە ڕێزگرتن لە دەستور و دیالۆگ و گەشەدان بە کولتووری «ڕێککەوتن» consensus. هێزە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتێکی فێدراڵی لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە دەسەڵات و سەروەری و توانای بڕیاردان بەوشێوەیەی کە پێکەوەبوونێکی بێکێشەیان بۆ مسۆگەر بکات، بەشبکەن. ئەوەی کە پەیوەندی نێوان سێنتەر و لۆکاڵەکان بەڕێوەدەبات کۆمەڵێک پرنسیپی دەستوری دیموکراسییە، نەک زەوق و ویست و قازانجی ئەو نوخبانەیە کە لە مەرکەز و لە لۆکاڵەکاندا حوکمدەکەن. فێدرالیزم چەند دەسکاریکردنی ناوەندە، ئەوەندەش دەسکاریکردنی لۆکاڵە.
ئەو بەها ئەخلاقی و سیاسی و کولتوورییەی فیدرالیزم دەپارێزێت و بەڕێوەیدەبات بەهای هاریکارییە، solidarety. سیستمێکی سەرکەوتوی فیدرالی لە جیهاندا نادۆزینەوە بەشەکانی لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و هەمەلایەن و هاریکار نەبن، بناغەی کارکردنیان ڕێکەوتن و هاریکاری و گوێ لەیەکگرتن نەبێت. کە ئەمانەش نەبوون بیرکردنەوە لە سیستمی فیدرالی بیرکردنەوەیەکی بێبناغە و بێ زەمینەیە، دروستبوونی کولتووری پرس و ڕاو هاریکاری و ڕێککەوتن، ڕێگرتن لە دروستبوونی هەیمەنەی کولتوور و زمان و حیزب و بۆچوونێکی سیاسی بەسەر هەمووواندا، لە کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی سیستمی فێدرالین.

## ٨ . عێراق و فێدرالیەت

لەم باسەدا، الە هەموو ئەو ئاستانەدا کە بۆ دروستبوونی سیستمێکی فێدرالی باسمانکردن نووقسانی گەورە و قووڵ بۆ بە فێدرالکردنی عێراق ئەدۆزینەوە. لەعێراقدا ترسێکی زۆری کورد لە عەرەب، هی شیعە لە سوونە، هی سونە لە شیعە و هی هێزە سیاسی و ئەتنی و کولتووری و دینییەکانی دیکە لەیەکدی ئامادەیە کە بەسەریەکەوە بەس بووە و بەسیشە نەک بۆ بەفیدرالکردنی دەیان ساڵ لەمەوبەری ئەم وڵاتە، بەڵکو بۆ هەڵوەشاندنەوە و پارچەپارچەبوونیشی. عێراق نموونەی زیندووی وڵاتێکە کە تیایدا دەوڵەت فەشەلەێکی سەرتاسەری و قووڵ و فرەڕەهەندی هێناوە لە دروستکردنی گەل یان میللەت یان نەتەوەیەکدا بەناوی نەتەوەی عێراقەوە. مێژووی هەشتا ساڵی ئەم دەوڵەتە مێژووی تا دێت گەورەبوونی ترسی هێزە ناوەکییەکانی ئەم دەوڵەتەیە لەیەکدی، مێژووی قەبەبوونی گومانەکان و دوودڵییەکانە بەرامبەر بەیەکدی. بەڵام لەبەرامبەر ئەم ترسەدا، لەبەرامبەر ئەم گومانە فرەلایەن و گەورەیەدا هیچ هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ بنیادنانی عێراقێکی دیکە نەدراوە کە تێیدا دەسەڵات و سەروەری بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەشبکرێت و هەر هێزێک لە هێزەکان بەشێک لە ئازادی و ویست و داواکرییەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بدۆزێتەوە و لانیکەمی گومان و ترسەکانی بڕەوێتەوە. ئەمەش یەک ڕاستییمان نیشانئەدات: نەبوونی هیچ زەمینەیەک بۆ دروستبوونی سیستمێکی فێدرالی کە بتوانێت ئەم ترس و گومانانە کەنالیزەبکات و لانیکەمی هێمنی سیاسی و نەتەوەیی و کولتووریی لەم وڵاتەدا دروستبکات.

لە عێراقدا نە ئەو دەزگایانە ئامادەن کە دەتوانن ستراکتوری سیستمێکی فێدرالی دروستکەن، نە ئەو کولتوور و ووشیارییە سیاسییەش کە ڕۆح بە بەری ئەم ستراکتورەدا بکات و بیژیەنێت. هەموو قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی عێراقی، لە ساڵی ١٩٥٨بەدواوە، قۆناغی کۆکردنەوەی تادێت زیاتر و زیاتری کۆی دەسەڵاتەکانە لە ناوەندا، هەموو دەسەڵاتەکانی ناوەندیش لە دۆخی کۆکردنەوەیەکی بەردەوامدابوون لە دەستی نوخبەیەکی حیزبی و سیاسی بەرتەسکدا، تا لەسەردەمانی سەدام حوسەیندا دەگاتە قۆناغی کۆکردنەوەی گشتێتی ئەو دەسەڵاتانە لە دەستی خێزان و عەشیرەتەکەی سەدام خۆیدا. ئەم مێژووە تایبەتەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا ڕێک پێچەوانەی ئەو داخوازییە سەرەتاییانەیە کە هەر سیستمێکی فێدراڵی پێویستی

پێییەتی. لێرەوە ئەم قورساییە مێژوویی و کەلەپوورییە ستەمگەرانەیەی ناو عێراق لە یاریدەدەری دروستبوونی سیستمێکی فیدرالی نابێت و ئەگەری کارکردن و بەگەڕخستنی ڕاستەقینەی ئەم سیستمە لاواز و زەحمەت دەکات.

لەکاتێکدا مێژووی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا بەردەوام رووی لە بچووکبوونەوەی ئەو بازنەی دەسەڵاتەبووە کە ئامادەبووە، واتە تا هاتووە نوخبەی دەسەڵاتدار لە عێراقدا بچووکبۆتەوە، لەهەمانکاتدا ستراکتوری دەوڵەتی فیدراڵی پێویستی بە دابەشکردن و کردنەوەی دەسەڵات هەیە بەسەر هێز و گروە و ناوچە و لایەنی جیاوازدا. لەڕاستیدا لەنێوان مێژوو و واقیعی دەسەڵات لە عێراقدا و لەنێوان داخوازییە سەرەتاییەکانی سیستمێکی فیدرالیدا ناکۆکییەکی گەورە هەیە. ئەم ڕاستییە لە ئاستی دەزگاییدا لەوەدا بەرجەستەیە کە کۆی ئەو دەزگا دەوڵەتی و نادەوڵەتییانەی لە ساڵی ١٩٥٨ ەوە تا کەوتنی سەدام حوسەین دروستبوون، دەزگای دابەشکردنی دەسەلات نین، بەڵکو هی مۆنۆپۆلکردنین، سەرزەمینی بەشبەشکردنی سەروەری نین، بەڵکو زەمینی گۆردکردنەوەی سەروەریان لە دەستی نوخبەیەکی بچووکدا. لە ڕاستیدا بەشێی زۆری ئەو دەزگایانەی کە دەوڵەتێک دەکەنە دەوڵەتێکی شەرعی، وەک پەرلەمان و دادگا و حیزب و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت، لە عێراقی ئەم چل ساڵەی دواییدا هەر بەناو دەزگابوون، دەنا لە ڕاستیدا ڕۆڵی دیکۆرێکی تایبەتیان بینیوە بۆ نیشاندانی وێنەیەکی شیاوتر لە وێنە ڕاستەقینەکانی ئەو دەسەلاتەی لە عێراقدا ئامادەبووە. پەرلەمانی عێراقی، بۆ نموونە، شوێنی چاودێریکردن و لێپرسینەوەی کابینە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقی نەبووە، بەڵکو شوێنی نووسینی بەیعەی موتلەق بووە بە خوێنی پەرلەمانتارەکان بۆ نیشاندانی وەلائی هەمیشەیی بۆ سەدام.

سەرەڕای ئەم نووقسانییە کوشندەیە لە بونیادی دەزگایی دەوڵەتی عێراقیدا، ئەم وڵاتە بەدەست نووقسانییەکی دیکەوە گیرۆدەیە کە هیچی لەو نووقسانییە دەزگاییە کەمتر نییە، گەر گەورەتر و گرنگتر و کوشندەتریش نەبێت، مەبەستم نەبوونی لانیکەمی کەلەپور و کولتووری فێدرالبوونە. عێراق کەلەپوور و ڕابردوویەکی درێژی هەیە کە تیایاندا دابەشکردنی دەسەلات و دابەشکردنی سەروەری و دابەشکردنی توانای بڕیاردان، وەک پرۆژەی پارچەپارچەبوون و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی «جیهانی عەرەب» و «دەستێوەردانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم» و خیانەت بە «وەحدەی عێراق و لەوێشەوە وەحدەی عەرەبی» وێناکراوە. لە عێراقدا کولتوور و کەلەپورێکی سیاسی گەورە هەن کە دەخوازن هەموو دەسەلاتەکان بەناوی «وەحدە» و «عروبە» و «تەوحیدی سەفی وەتەنی» بیەوە لە دەسەلاتێکی مەرکەزیدا و لەدەستی نوخبەیەکی سیاسی بچووک و بەرتەسکدا کۆبکاتەوە. بێگومان لەدوای کەوتنی سەدمەوە ئەو دۆخە لاوازبووە، بەلام هێشتا ئەو ستراکتور و کولتوور و فەزا فیکری و ڕۆشنبیری و ڕەمزی و سایکۆلۆژییە تێکنەشکاوە کە دەخوازێت عێراق بەم ئاراستەیەدا ببات، ئەمە جگە لە ئامادەگی کۆمەڵێک هێزی ناسیۆنالیستی و دینی لە عێراقدا کە بەهەمان ئاراستە بیردەکەنەوە.

ئەگەر فێدرالیەت لە عێراقدا هەلی دروستبوونی هەبێت و ئەو توانا و ویست و بونیادانە ئامادەکرێن کە لە «ئەگەرێکی سیاسییەوە» بیکات بۆ «واقیعێکی سیاسی»، ئەوکات ئەو مۆدێلی فێدرالیەتەی دروسدەبێت مۆدێلی فێدرالیەت دەبێت «لەسەرەوە بۆ خوارەوە». واتە مۆدێلی دابەشکردنی دەسەلات و سەروەری و توانای بڕیاردان دەبێت لە ناوەندەوە بەسەر بەشەکانی تری عێراقدا، لە بەغداوە بۆ ناوچەکانی دیکە. ئەمەش بۆخۆی لەهەموو ئەو ئاستانەدا کە لە سەرەوە باسمکردن کێشەی گەورە گەورەی تووشدەبێت. ئەم دابەشبوونە چۆن ڕوودات، لەسەر چ بنەمایەک، سنوورەکان چۆن دیاریبکرێن، چ جۆرە دەستورێک دروستبکرێت و کام شێوازی پەیوەندی دەستوریی لەنێوان پارچەکاندا بێتەکایەوە، چۆن لەسەر پەرلەمانێکی دووژوری رێکبکەون و ڕێژە و بڕی ئامادەیی ناوچەکان لەو ژوورانەدا چۆنبن، دەسەلاتی ناوەند چەندبێت و هی پارچەکان چەند، کام کایەی سیاسی و ئابووری و کولتووری لە ناوەند و کامیان لە ناوچەکاندا ئازادبن؟ ئەمانە هەموویان پرسیاری گرنگن و پێویستییان بە وەڵامدانەوەی دیموکراسییانە هەیە.

بێگومان وەڵامدانەوەی دیموکراسییانەی هەر پرسیارێک لەم پرسیارانە بەبێ کێشە و ململانێییەکی توند و هەمەلایەن لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات ڕوونادات. هێنانەکایەی هەلومەرجێکی نوێ کە تیایدا بنەماکانی فیدرالیزم بچەسپێت بەبێ دروستکردنی کۆمەڵێک دەزگای یاسایی ناچێت بەڕێوە: بۆ نموونە دروستکردنی پەرلەمانێکی دوو ژوور و دادگاییەکی فیدرالی بێلایەن و بەهێز و خاوەن دەسەڵات و چەندانی دی هەم لە ناوچەکان و هەم لە ناوەندا. ئەمانەش بەپێویست دەسەڵاتی هەندێک کەس و لایەن و گروە لاواز دەکەن و کۆمەڵێک کێشە و ململانێ دەنێنەوە. گەر گەشبین بین دەشێت دروستکردنی ئەو دەزگایانەمان بەلاوە زۆر زەحمەت نەبێت و پێشبینی ئەوەش بکەین هێزە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکانیش بە کێشە و ململانێیەکی کەم واز لەهەندێک لە بنەماکانی دەسەڵاتیان بهێنن، واتە ڕەنگە گەشبینی بەرە و ئەو دەرەنجامەمان بەرێت کە بڵێین عێراق دەکرێت لەڕووی دەزگاییەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری تێدابکرێت کە بە ئاراستەی بە فێدرالکردنی سیستەمی سیاسی ئەم وڵاتە کاربکات. بەڵام ئەی کولتووری فیدرالی لەکوێوە بهێنین، کولتوورێک لەدەرەوەی فەندەمێنتالیزمی دینی و عروبە و دروشمە بۆشەکانی «وەحدەی وەتەنی»ی و ئاسۆ و ململانێ و تەماحی سیاسی بەرتەسکی هێزە کوردی وناکوردییەکانەوە بێت؟. ئەی ئەو ئامادەگییە ناوەکی و دەرونی و ڕەمزییە چۆن دروستکەین کە دەسەلات لەسەرۆک حیزب و سەرۆک عەشیرەت و ئایەتوڵاکان بسێنێتەوە بیدات بە یاسا و دەستور و دادگاکان؟ ئەی چۆن ئەو ووشیارییە سیاسییە دروستبکرێت کە بتوانێت ڕێز لە هەڵبژاردنی جیاواز بگرێت؟ ئەی ئەو نوخبە سیاسییە لە کوێ بهێنین کە ئامادەبێت بۆ هەفتەیەکیش بووە دەستگۆڕکێی دەسەلات قبووڵبکات و هەمیشە و تا هەتاهەتایە سەرکردەی یەکەم و حیزبی یەکەم و دەسەڵاتداری یەکەم نەبێت؟ لەکوێوە ئەو فۆرمە لە هەستی هاوڵاتیبوونی یەکسان بهێنین کە وابکات دەزگاکانی دەوڵەت، چ لەناوە و چ لەدەرەوەی عێراقدا بەسەر کوڕ و برا و ئامۆزا و زاوا و ئاوەڵزاواکاندا دابەشنەکرێت؟

بێگومان مەرجنییە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەمیشە نێگەتڤ بێت، واتە مەرجنییە بە فیدرالکردنی عێراق کارێکی مەحاڵ بێت و هێز و نوخبە سیاسی و بەهێزەکانی ئەم وڵاتە نەتوانن مەرجەکانی بنیادنانی سیستمێکی فیدرالی دیموکراسی دارێژن، بەڵام وەڵامی پۆزەتیڤ بەم پرسیارانە پێویستی بە کار و کۆششێکی گەورە هەیە کە تا ئێستا کەمیمان بینیوە. ڕەنگە نە زۆرایەتی عەرەبی عێراقی و نە زۆرایەتی شیعە، بە حوکمی زۆرایەتیبوونیان، باکیان بە فیدرالبوون یان نەبوونی عێراق نەبێت، یان ئەم مەسەلەیە بە بڕیارێکی ستراتیژی نەزانن و وەک ناچارییەک وێنابکەن گەر بۆیانکرا و توانیان لە یەکەمیان وەرچەرخانی مێژووییدا لێی پەشیمان ببنەوە و نەهێڵن دروستببێت، بەڵام مەسەلەی بە فیدرالبوونی عێراق بۆ کورد مەسەلەیەکی ستراتیژی گرنگە. لەڕاستیشدا داوای بە فیدرالیکردنی عێراق بە پلەی یەکەم داواکارییەکی کوردییە. بۆیە ئەو هێزە سیاسییەی بۆ ئەم مەبەستە چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت لە هێزەکانی دیکە چالاک و شێلگیرتر بێت و لە هەوڵی دروستکردنی ستراکتور و دەزگا و کولتوری فیدرالیدابێت، کوردە. بەڵام ئایا کورد لە ١٢ ساڵی ڕابووردودا و لە ئێستاشدا چەند لە ئاستی دەزگایی و لە ئاستی کولتووریدا کاری بۆ بە فیدرالیکردنی ئەو پەیوەندییانە کردوە کە کوردستان بە عێراقەوە گرێبدات؟ ئایا داوای بە فیدرالکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق تا چەند لە ئاستی پراکتیکی سیاسی حیزبە کوردییەکاندا ئامادەیە و تا چەند لانیکەمی ئەم داخوازییە کراوەتە بەرنامە و دەزگا و کولتوور؟

## ٩. کورد و فێدرالیەت؟

ئاشکرایە کورد یەکەمین میللەتێک نییە لە دنیادا داوای فێدرالیەتی کردبێت یان ئەم داوایە بکات، لە بڕگەی سێهەمی ئەم نووسینەدا نیشانماندا کە ٤٠٪ دانیشتوانی جیهان لە سیستمی فێدرالیدا دەژین. بەڵام ڕەنگە کورد یەکەمین میللەتێکی سەر ئەم ئەستێرەیە بێت داوای فێدرالیەت بکات لەکاتێکدا نە لەڕووی عەمەلی و نە لەڕووی سیاسی و نە لەڕووی فیکری و مەعریفییەوە پاشخانێکی ڕاستەقینەی بۆ ئەم داواکارییەی دروستنەکردبێت.

جگە لە بڕیارێکی سیاسی کە پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتاکانی ئێشکردنیدا داویەتی، شتێکی دیکەی شایانی باسمان نییە بە بەرزکردنەوەی دروشمی فیدرالیەت زەمینەیەکی واقیعی و دەزگایی و کولتووریی بدات.

لەڕووی عەمەلییەوە ئەو پەرلەمانەی ئەم داواکارییە گرنگەی بەرزکردۆتەوە پەکی کەوتووە و لە کارخراوە، ئەو کابینانەی دوای پەککەوتنی پەرلەمانیش دروستبوون جەگە لە بەشبەشبوون و یەکنەگرتنەوەیان، کە کێشەیەکی سیاسی زۆر گەورەیە، لەڕووی یاسایی و ئەخلاقیشەوە شەرعیەتی حوکمکردنیان نەماوە. ئەم دوو کابینەیە بەدرێژایی تەمەنیان لە کوردستاندا تاقە دەزگایەکیان دروستنەکردوە هێمابێت بۆ عەقڵیەت و خەیاڵ و داواکاری فیدرالیانەی میللەتی ئێمە. شێوازی کارکردنیشیان لە ئێستادا زۆر دوورە لە شێوازی کارکردنی هێزی سیاسی میللەتێک بیەوێت بەشێک لە سەروەری و دەسەڵات و توانای بڕیاردانی لەو وڵاتەدا دەستکەوێت. لەمەش خراپتر دەرککردنی هەموو منالێکە لە عێراقدا، بە کورد و عەرەبەوە، بەو ڕاستییە سادەیەی کە نوخبەی سیاسی باڵادەست لە کوردستاندا توانای یەکخستنەوەی دوو قەزا و دوو ناحییەی ناو کوردستانیان نییە، چجای چوونە گەمەیەکی سیاسییەوە کە تیایدا بتوانن بە فیدرالکردنی عێراق بکەنە واقیعێکی سیاسی چەسپاو. ئەم دوو هێزە کە لە کوردستانی ئازادا توانای دروستکردنی سەروەرییەکی نەتەوەییان بۆ میللەتی ئێمە لە فۆرمی دەستور و پەرلەمانێکی شەرعی و خاوەن دەسەڵات و سەربەخۆدا نییە، چۆن لەناو هاوکێشە ئاڵۆزەکانی سیاسەتی عێراقیدا ئەم مەسەلەیەیان بۆ دەچەسپێت؟

بەرزکردنەوە و داواکردنی فیدرالیەت وەک دروشم جیاوازە لە ڕەخساندنی زەمینەیەکی واقیعی و دەزگایی و کولتووریی و فیکری بۆ فیدرالیەت، بۆئەوەی فیدرالیەت بسەپێنین لانیکەم پێویستە لە کوردستاندا بنەماکانی واقیعێکی فیدرالی دامەزرێنین، دەزگا گرنگەکانی فیدرالیەت دروستبکەین و چالاکیان بکەین و بیانخەینە کارەوە لە پەیوەندییە سیاسییەکانی ناوچەی کوردستانەوە بە ناوەندی دەسەڵات لە بەغدادا. واتە میللەتی ئێمە و هێزە سیاسییەکانی دەبێت وەک میللەت و هێزی سیاسی فیدرالخواز کاربکەن، ئەمەش پێویستی بە دارشتنەوەی هەلومەرجی سیاسی و ئیداری و کولتووریی کوردستانە بەپێی خەیاڵ و عەقڵیەت و ویستی فیدرالیانە. لە کوردستاندا فیدرالیەت تا ئێستاش سنووری بەرزکردنەوەی دروشمی تێنەپەڕاندوە و نەبۆتە پراکتیک و هەڵسوکەوت و دەزگا و کولتوری سیاسی. لەهەموو ئەمانەش سەیرتر ئەو ڕاستییە سادەیەیە کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە کوردستان داوای فیدرالیەتی تیا کردوە، کۆنفرانسێک، سیمینارێک کۆمەڵێک گفتوگۆی سیاسی و زانستی لەسەر مەسەلەی فیدرالیەت لە کوردستاندا ڕێکنەخراوە. نەک تەنها لەڕووی سیاسییەوە بەڵکو لەڕووی فیکرییشەوە کاری بۆ نەکراوە. بەداخەوە فیدرالیەت لە کوردستاندا لە هەژارترین فۆرمدا ئامادەیە: فۆرمی بەرزکردنەوەی دروشمێک و بەس.

با جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە سادەیە دووبارەبکەمەوە کە لە کوردستاندا هیچ یەکێک لە پێویستییە دەزگایی و کولتووری و سیاسییەکانی دامەزراندنی سیستمێکی فیدرالی بوونیان نییە، نە پەرلەمانێکی دەسەڵاتدار و چالاک هەیە، نە کابینەیەکی شەرعی و یەکگرتوو، نە دەستورێک مافەکان و بەرپرسیارییەکان دەستنیشانکات، نە سیستمێکی دادی سەربەخۆ کە بتوانێت بڕیاری سەربەخۆ بدات و بڕیارەکانیشی بسەپێنێت، نە نوخبەیەکی سیاسی و حیزبیش کە بۆ ڕۆژێک ئامادەبێت دەستگۆڕکێی دەسەلات قبووڵبکات، نە کولتووری ڕێزگرتنی یاس و دەستور و دەزگای ناحیزبی، نە بیرۆکەی هاریکاری و ڕێککەوتن و دیالۆگی ڕاستەقینە. کوردستانی ئێمە زۆر شتی تێدایە، لە سەیارەی علوجەوە بیگرە بۆ ئوتێکی پێنج ئەستێرەیی، بەڵام لە لانیکەمی پاشخانێکی دەزگایی و سیاسی و کولتووری بۆ داواکردنی فێدرالیەتی تیا نییە.

لە هەموو ئەم کێشانەش بترازێت تا ئێستا کەس نازانێت ئەو فێدرالییەی کورد دەیەوێت چ جۆرە فێدرالییەتێکە، ئایا فێدرالیتە لەسەر بنەمای ئەتنیەت، واتە داواکردنیەتی لەسەر بنەمای زمان و کولتوور، یان فێدرالییەکە لەسەر بنەمای ناوچە، واتە بوونی کوردستان وەک ناوچەیەکی یەکگرتو بە ناوچەیەکی فێدرال و سەربەخۆ لە عێراقدا، یاخود فێدرالیەتە لەسەر بنەمای کانتۆنات، واتە لەسەر بنەمای شار یان پارێزگاکانی عێراق.

بۆئەوەی کوردستان ببێت بە ناوچەیەک لە ناوچە گرنگەکانی سیستمی فێدرالی لە عێراقدا ئەنجامدانی دوو شت زۆر پێویستن. یەکەمیان ئەوانەی لە ئایندەیەکی کووردا لە بەغداد دادەنیشن و حوکمدەکەن دەبێت ببنە کەس و

لایەن و هێزی دیموكراس. دووهەمیشیان ئەوەیە ئەوانەی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و كەركوك و ناوچەكانی دیكەی كوردستاند حوكمدەكەن، ئەوانیش ببن بە هێز و لایەن و كەسانی دیموكراس. بوون بە دیموكراسیش شتێك نییە ئینسان، بە سەركردە و سیاسییەكانەوە، لە سكی دایكییانەوە لەگەڵ خۆیاندا هێنابێتیان، بەڵكو پرۆسەیەكی ئاڵۆزی دابەشكردنی دەسەڵات و فێربوونی قبووڵكردنی جیاوازی و ڕێزنانە لەو دەزگایانەی كە لە حیزب و سەرۆك و سیاسییەكان گەورەترن و گرنگتر و شەرعیترن.

نوخبەیەكی جەردە و دز و نادیموكرات لە بەغدادا، نەك كوردستان دەخاتەوە ژێر مەترسی پەلاماری سەربازی، بەڵكو مەترسی ئەوەش دروستدەكات كە ئەو نوخبەیەی لە كوردستاندا باڵادەستە وەك خۆی و بگرە خراپتریشی لێبكات. وەكچۆن بوونی نوخبەیەكی سیاسی و حیزبی نادیومكراس لە كوردستاندا یارمەتیدەرێكی گەورەیە بۆ دروستبوونی نوخبەیەكی نادیموكراس لە عێراقدا.

كەی كوردستان كۆمەڵێك دەزگا و ڕەهەندی كولتووری فێدراڵییانەی بە خەڵكی كوردستان نیشاندا، كەی فیدراڵیەتی لە دروشمەوە كرد بە هەڵسوكەوتی سیاسی و دەزگایی، ئەوكات دەتوانێت داواكردنی فێدراڵیەت لەسەر بنەمای پاشخانێكی فیدراڵییانە داواكات، نەك دروشمێك تەنانەت نەكرابێتە كۆمەڵێك ووتار بۆ نیشاندانی ناوەرۆكەكەی بە خەڵك.

## ١٠: ترس و گومان؟

بە گەڕاندنەوە بۆ سەرەتای ئەم باسە و بە بیرهێنانەوەی بۆچوونەكانی مۆنتیسیكیو و پێترۆڤ، دەمەوێت باس لەو ترسە بكەم كە لە تەماشاكردنمەوە بۆ هەڵوسكەوتی هێزە سیاسییەكانی كوردستان و هێزە سیاسییە عەرەب و عێراقییەكانەوە سەرچاوەدەگرێت. نایشارمەوە ئەو هەستەم لا بەهێزترە كە زەحمەتە فیدراڵیەت بەمانا دیموكراسییەكەی لە عێراقدا دروستببێت، گەر دروستیش ببێت ئەو فۆرمەی فیدراڵیەت نابێت كە مۆنتسیكیو وەك دژە دیوی ستەمگەری دەیبینێت، چونكە بۆ ئەم شێوەیە لە فیدراڵیەت ئەمڕۆكە لە عێراق و كوردستاندا نە پێكهاتەی دەزگایی هەیە، نە كولتوور و نە ووشیاریی و بەرپرسیاریەتی سیاسیش. لە ئاستی نزیكدا ئەوەی دەشێت ڕووبدات بوونی عێراق لەسەر كاغەز و لەهەندێك ئاستی ڕووكەشدا بە سیستمێكی فیدراڵی، بەڵام لە ئاستی دووردا فیدراڵییەت گەر دروستیش ببێت ئەو شێوازەی فیدراڵییەت دەبێت كە پێترۆڤ باسیدەكات، واتە دەبێتە فیدراڵیەتی كۆبوونەوەی كۆمەڵێك هێزی نادیموكارس بەیەكەوە. ئاخر ئەگەر هاریكاری، دیالۆگ، دابەشكردنی دەسەڵات، كاری پێكەوەیی، هەستی هاوڵاتیبوون، دەستوری ڕێزلێگیراو، پەرلەمانی نائیفلیج لە بەها هەرە گرنگەكانی سیستمی فێدراڵیی بن، ئەمانە نەك لە عێراقدا بنەمایان نییە، بەڵكو لە كوردستانیشدا بوونیان نییە.